# ئایا حکومەتی هەریم بودجەی کەمە؟!

# ئایا حکومەتی هەریم ناتوانیت کارەبا بۆ خەلکی کوردستان دابین بکات ؟!

### لە وەلام بە جمال عبداللە دا

****************************************

لە بەرنامەی تەوەرو گفت و گۆی تەلەفزیۆنی کوردسات لە شەوی 15/16-1-2007 ،گفت و گۆیەکی توند لە نێوان هەر یەك لە جمال عبداللە ی سکرتێری رۆژنامەنووسی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم و عەدنان عوسمانی سەرنووسەری تازەی هاولاتی رووی دا ، باسەکەش لە سەر ئەوە بوو کە بۆچی حکومەت خزمەت گوزاریەکان بۆ خەلك دابین ناکات و بۆچی خەلك خۆپیشان دان ئەکات و ئایا چارەسەر چیە ؟

من لێرەدا نامەوێت سەرنجی خۆم لە سەر هەموو ئەو شتانە بنووسم کە لەو بەرنامەیەدا جمال عبداللە ی رۆژنامەنووسی سەر بە دەسەلات زۆر چاو قایمانە بە گوێی خەلکی دائەدا– کە بە راستی چاو قایمیەکەی کەم وینەیە – ، چونکە زۆربەی قسە و تەبریرەکانی ئەو لە دژی خەلك و بەقازانجی دەسەلات ، وە لە هەمان کاتدا شاردنەوەی راستیەکان بوو لە خەلك و پێویستە وەلام بدرێنەوە .

لێرەدا ئەمەوێت تەنها لە سەر 2 خالٚ سەرنجی خۆم بنووسم :

یەکەم کاتێ باس هاتە سەر باسی بوودجەی کوردستان ، جمال عبداللە ئەوەندە بوودجەی حکومەتی هەرێمی کەم کردەوە کە خەلکی وا لێ ئەکرد کە هەر کەسە و لە بەر دەرگاکەی خۆیەوە دەسەسڕێك راباخا و سوالٚ بۆ حکومەتە فەقیرەکەی هەرێمی کوردستان بکات ، نەکا وەزیرو گزیر و جمال عبداللە کانی لە برسا بمرن ،شتێك کە زۆر سەرنجی رائەکیشا ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو هەموو داهاتە زۆر و زەبەندە ناکریت کە لە کوردستان دەرژیتە باخەلی یەکێتی و پارتی و حکومەتی هەرێمەوە ، لەوە ئەچێت کە ئەم داهاتەی کوردستان تایبەت بێت بۆ ئەو 2 حزبە دەسەلات دارە و خەلکی کوردستان مافی بە سەریەوە نەبێت ، ئەمەش لە پاداشتی خەباتی چەندین سالەیان .!!!

وە جمال عبداللە چاوی خۆی لە هەموو ئەو گەندەلی و دیار نەمانەی پارەیەش نووقاندبوو کە نەك ئیمەی نارازی و خۆنیشان دەرانی ئاژاوە گێڕی کوردستان ، بەلکو خودی یەکێتی و پارتی و مەسئولی دەرەجە یەکیان دانی پیا ئەنێن و ناتوانن نکولی لێ بکەن .

بە بڕوای جمال عبداللە و حکومەتی هەرێم ، ئەوەی کە لە کوردستان خزمەت گوزاریەکان زۆر خراپ و لە ئاستی نەبوودان ،وە ئەوەی کە خەلك خۆنیشاندان ئەکات و حکومەتی هەریم بە تەقە و گرتن و کوشتن و راو نان و ...تاد وەلامیان ئەداتەوە – بە پێچەوانەی ئەوەی کە جمال عبداللە ئەیوت لە بەرنامەکەدا –، وە ئەوەی کە حکومەتی هەرێم بێجگە لە بەلێنی درۆ و قسەی بە باق و بریق بۆ خەلك و لووش دانی هەرچی سەروەت و سامانی کوردستان بۆ خۆیان ، هیچ شتێکی  تری نەکردووە ، ئەوە بە قەد مسقالە زەرڕەیەك خەتای حکومەتی هەرێمی تیانیە و ئەوە خەلك خۆیانن کە هێندە خراپ وئاژاوە گێڕن و بە فیتی ئەم لایەن و ئەو لایەن ئەم کارانە ئەکەن و چاویان لە هەموو ئەو دلسۆزی و ماندوو بوون و خزمەت گوزاریانە نیە ، کە حکومەتی هەرێم بە باخەلی بەتالەوە شەو و رۆژی خستوەتە سەر یەك تا ئەنجامی داون .

کاك جمال عبداللە ی بەرێز

دەبێت تۆ و ئەمسالی وەك تۆش چاك بزانن كە خەڵك چاوو گوێ و عەقڵ و لێكدانەوەی هەیە و هەموو شتێك بە چاك و خراپیەوە ئەبینێت و هەر لە بەر ئەوەشە كە چیتر خەڵك بە – بێ بەشی خۆی و هەموو شتێك بۆ ئێوە – ڕازی نیە . ئەم قسە ڕازاوە و ئەم ڕەقەمانەی كەتۆش لە بەرنامەكەدا، بە بەرنامەوە ئامادەت كردبوون ، هێشتا ناتوانێت زەڕرەیەك لەو حەقیقەتە بگۆڕێت ، كە داهاتی كوردستان – بەوەی كە لە بەغدا وەری ئەگرن و هی ناوخۆی كوردستانیش – زیاتر لە 68 ٪ ی بۆ باخەڵی هەرگیز پڕ نەبووی ئێوەیە و بەشێكی كەمیشی – بە قەد كەوچكی چێشتێك هەر وەك پەینی كیمیاییەكە – بۆ خەڵكی كوردستانە .

دووەم شت ئەمەوێت سەبارەت بەوە قسە بكەم كە كوردستان كارەبای نیە و ئیعتیمادی سەرەكیمان لە سەر ئاوە و ئاویش نیە و بۆیە كارەبا نیە و بەرهەم هێنانی كارەباش بە ڕێگای تر پێویستی بە مەبلەغە پارەیەكی خەیاڵی هەیە .واتە ئەبێت ئیتر خەڵكی كوردستان دەست لە كارەبا بشۆن و تا حەیاتیان هەیە چاویان بە كارەبای 24 سەعاتە ناكەوێت و كێشەی كارەبا چارەسەری نیە ، ئەو وەعدانەی لەمەو بەریش بە خەڵك دراون ئەوە هەر هەمووی درۆ بوون .

ئەم قسەیە لە سەرەتا هەتا كۆتایی ناڕاستە وحەقیقەت ڕێك پێچەوانەی ئەم قسانەیە كە جمال عبدالله لە جیاتی حكومەتی هەرێم وەك یەقین باسیان ئەكات .

ئەوەی كە عدنان عوسمان تا چەند توانی لەو بەرنامەیەدا وەڵامی دروستی تەبریرەكانی جمال عبدالله بداتەوە یان نا ، هیچ شتێك لەو ڕاستیە ناگۆڕێت كەچارەسەری كێشەی كارەبا نەك هەر قورس نیە و پێویستی بە برە پارەیەكی خەیاڵی نیە ، بەڵكو بە پێچەوانە زۆر ئاسانە و تا ئێستا چەندین كۆمپانیا ڕایان گەیاندووە كە ئامادەن كارەبای 24 سەعاتە دابین بكەن و لە سەر حكومەتیش هیچ ناكەوێت .ئەگەر هەر كەسێك متابەعەی ڕۆژنامەكانی كوردستان بكات یان بیەوێت بزانێت ئەتوانێت لە ئەرشیفی ڕۆژنامەكانی كوردستان لێدوان و ڕاگەیاندنەكانی كۆمپانیاكان بخوێنێتەوە كە ئامادەن كێشەی كارەبای خەڵكی كوردستان چارەسەر بكەن ، بەس حكومەت ئیجازەیان پێ بدات و پارچە زەویەكیان بۆ دابین بكات .

بەڵام با وای دابنێین كە قسەكانی جمال عبدالله هەر هەموویان ڕاستن و پارەش نیە ، بەلام لە گەڵ ئەمەشدا دیسان چارەسەری كارەبا ئاسانە و بەرهەم هێنانی كارەبا بە هۆی سووتەمەنیەوەو فرۆشتنەوەی بە خەڵك بە نرخیكی زۆر كەمتر لەو نرخەی كە ئێستا خەڵك لە مەولیدە ئەهلیەكانی ئەكرێت ، ڕێگایەكە كە لە ماوەیەكی قیاسی كورتدا ، ئەتوانێت ئەو پارەیەی كە لە بەرهەم هێنانی كارەبا خەرج ئەكرێت ، بە دەست بهێنرێتەوە و بگرە حكومەتی هەرێم هەموو مانگێك قازانجیش ئەكات .

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەگەر وایە بۆچی یەكێتی و پارتی و حكومەتی هەرێم كێشەی كارەبا چارەسەر ناكەن ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەشێكی پەیوەندی هەیە بە گەندەڵی ئیداری وبە پاوانكردنی هەموو شتێكەوە لە لایەن هەردوو حزبە دەسەڵات دارەكەی كوردستانەوە و هەر كۆمپانیایەك بێتە كوردستانەوە ئەبێت مەسئولێك بكاتە شەریكی خۆی و بەشی شێریش بۆ ئەو مەسئولە دابنێ.

لەوەش گرنگتر لە بەر ئەوەیە كە یەكێتی و پارتی ئەیانەوێت كە خەڵك هەر لەو فەلەكی نەبوونی كارەبا ونەبوونی سووتەمەنی و باقی خزمەت گوزاریە سەرەكیەكان بمێننەوە ، تا فكریان نەچێتە سەر شتی تر و داوای لەوە زیاتر نەكەن، چونكە باش ئەزانن هەر كاتێك خەڵك لەم كێشانە ڕزگاری ببێت ، ئەوا دوای ئەوە بە جۆرێك دێتە مەیدان كە بارگە و بنە و دەسەڵاتیان ئەپێچێتەوە و چیتر لێیان قبوڵ ناكات كە بە كەیفی خۆیان تەخشان و پەخشان بە داهاتی كوردستان و بازرگانی بە خوێنی خەڵكەوە بكەن .

بێ بەشیەکانی خەڵك و نەبوونی خزمەت گوزاریەکان و وەعد و بەڵێنە هەرگیز جێ بە جێ نەکراوەکانی یەکێتی و پارتی ، ئەبێت ئەو راستیە لای خەڵکی کوردستان بە تەواوی بچەسپێنی کە تاکە ڕێگای بە دەست هاتنی تەواوی ماف وخواستەکانی خەڵك تەنها و تەنها لە ڕێگای هاتنە مەیدان و خۆڕێك خستن ویەکگرتوو کردنی ریزەکانی دایە .

**ئازاد احمد**

2007-12-16

Azadahmed71@yahoo.com